وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
٢٠١٢/١١/٢١

**پشت بەستن بە ئەحكامی ماددەی (١٥٢) لە یاسایی كار ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) ئەو ڕێنماییەی خوارەوەمان دەركرد :**

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٢

## ڕێنمایی پێدانی مۆڵەت بە كۆمپانیاكانی بە كارخستنی كرێكاری خۆماڵی لە كەرتی تایبەت لە هەرێمی كوردستان – عیراق .

**ماددەی یەكەم :**

**كاری كۆمپانیاكانی بەكارخستن بریتییە لەو خزمەتگوزاریانەی كە دەبێتە مایەی ڕێكخستن نێوان خستنەرووی بە كارهێنان و داواكاری لە سەری ، بەبێ ئەوەی ببێتە لایەنێك لەو پەیوەندیەی كە لە ئەنجامیدا دروست دەبێت .**

**ماددەی دووەم :**

**وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی وە یان ئەو كەسەی دەسەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت ، دەسەڵات پێدانی مۆڵەتی كردنەوە و سەندنەوە و بەدواداچوون لە كارەكانی كۆمپانیاكانی بەكارخستن لە كەرتی تایبەت هەیە و لیژنەیەكی پسپۆڕی تایبەت پێكدەهێندریت بۆ ئەم مەبەستە .**

**ماددەی سێ یەم :**

**مەرجەكانی كردنەوەی كۆمپانیاكان :**

١- كۆمپانیاكە تۆمار كرابێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری كۆمپانیاكانی هەرێم .
٢- پێشكەش كردنی بەڵگەنامە فەرمییەكان .
٣- دابین كردنی شوێنێكی گونجاو بۆ كۆمپانیاكە لەگەڵ گشت خزمەتگوزارییەكان .
٤- كارمەندانی كۆمپانیا پێویستە لێهاتوو و ڕاهێنراو شارەزاییان هەبێت لەو بوارە .

**ماددەی چوارەم :**

**کۆمپانیا بۆی نیە هیچ پارەیەك (تێ چوو وە یان رسومات) لە کرێکار وەربگرێت بەرامبەر دۆزینەوەی هەلی کار بۆی ، چ بەڕێگای راستەخۆ یان ناڕاستوخۆ .**

**ماددەی پێنجەم :**

**١- کۆمپانیا مافی رێکەوتنی هەیە لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە داوای کرێکار دەکات لەسەر بڕە پارەیەك بەرامبەر دابین کردنیان .**

**٢- پێویستە گرێبەستی کار هەبێت لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان وە لە دادنووس پەسەند بکرێت .**

**ماددەی شەشەم :**

**لەسەر کۆمپانیا پێش رەوانەکردنی کرێکار بۆ شوێنی کار ، دڵنیابوونی لە مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کارەکە .**

**ماددەی حەوتەم :**

**کۆمپانیا تەنها بۆی هەیە داوای ئەو زانیاریانە بکات لە کرێکار کە لە فۆرمی دۆزینەوەی کاردا هاتووە کە تەنها بریتیە لە توانا و شارەزایی و پیشەی داواکاری کار .**

**ماددەی هەشتەم :**

**بە نەبوونی هیچ چالاکیەك دوای تێپەربوونی (شەش مانگ) لەسەر پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی کۆمپانیا ، مۆڵەتەکەی لێی دەسێندرێت بە پێی راسپاردەی لیژنەی ئاماژەکراو لە ماددەی (دووەم) .**

**ماددەی نۆیەم :**

**نابێت کۆمپانیا بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری بڵاوبکاتەوە بەهەبوونی پۆست (کار)ی وەهمی.**

**ماددەی دە :**

**لەسەر کۆمپانیایە گشت ئەو تۆمارانە رێك بخات کە بۆ بەکارخستنی کرێکارندا پێویستە هەبێت و مانگانە زانیاری تەواو رەوانەی بەرێوەبەرایەتیەکانی کارو خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکات وە کارەکانی دەکەوێتە ژێر سایەی لیژنەی پشکنین .**

**ماددەی یانزە :**

**کۆمپانیا بۆی نیە کاری بەڵێندەر بکات بە دۆزینەوەی کاری رۆژانە بۆ کرێکاران .**

**ماددەی دوانزە :**

**تۆمارکردنی ناوی ئەو کرێکارانەی خوار (١٥) ساڵ قەدەغەیە بەپێی یاسا و رێنماییەکان**

**ماددەی سێزدە :**

**پەیڕەوکردنی بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری لە دەستنیشان کردنی کرێکاران ، دوور لە جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەنگ ، ئاین ، ڕەگەز ، پایەی کۆمەڵایەتی و هەر شێوەیەکی تری جیاکاری .**

**ماددەی چواردە :**

ناکرێت کۆمپانیا کرێکاری تر دابین بکات بۆ ئەو شوێنەکارەی کە کرێکارەکانی مانیان گرتبێ .

**ماددەی پازدە :**

بە پابەند نەبوونی کۆمپانیا بە یاسا و رێنماییەکان دوای ئاگادارکرنەوەی بۆ دووجار بەشێوەی فەرمی مۆڵەتەکەی لێ دەستێندرێت بەپێی راسپاردەی لیژنەی ئاماژەکراو لە ماددەی (دووەم) .

**ماددەی شازدە :**

ئەو رێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)کاری پێ دەکرێت.

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**